# توندوتیژی و ئیسلامی سیاسی كوردستان

**ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**
Ismail_rwandzi@yahoo.com

لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆشەنبیری كوردستانی و كلتووری پێكەوە ژیانی پێكهاتە جۆراوجۆرەكانی كوردستان، بەهێواشی بەڵام سیستیماتیک كەوتۆتە بەر هێرشێكی بێبەزەیانەی هێز و ڕەوتی جۆراوجۆری ئیسلامی سیاسی. ئەمە بە بوونی هێزی ئوسولی و تیرۆرو كوشتوبڕی خەڵكی سیڤیل لەناوچەكە و جیهاندا، پێداچوونەوە و ڕیفۆرمی ڕۆشەنبیری ئیسلامی و بەكارهێنانی عەقل و ووشیاری مرۆڤایەتی لە پێناوی دۆزینەوەی بوون و ژیان و باوەڕەكانی كردۆتە پێویستیەكی مێژوویی. ئایا ڕیفۆرمی ئایینی دژایەتی كردنی ئایینە؟ بێگومان نەخێر، كتێبە ئایینیەكانیش وەک هەر دیاریدەیەكی تری مێژوویی لە كات و شوێن و لە نێو كۆمەڵێک مەرجی كۆمەڵایەتی تایبەتەوە سەریانهەلداوە، وە تێكستەكانی پەیوەستن بە كۆمەڵێک ڕووداو لە كات و شوێنی دیاریكراو، بۆیە وڵامدانەوەی كێشە هەنووكەییەكان  بە گەڕان بەدوای كۆمەڵێک دەقی مێژوویی و دەرهێنانی ئەم دەقانە لە سیاقی مێژوویی خۆیان و هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنیان لەسەر واقعی ئەمرۆ بە هەموو ووردكارییەكانییەوە ئاكامەكەی بێجگە لە توندوتیژی و جێهێشتنی ئێستا و گەڕاندنەوەی زۆرەملیانەی خەڵک بۆ ژیانی ڕابردوو، هیچیتر نابێ. دەقە پیرۆزەكان ڕاستە بەڵگەی باوەڕهێنانی مرۆڤن بەم یان بەو ئایین، بەڵام دەقی زانستی نین،  بۆیە ووشیاری مرۆڤ و گەشەی مێژوویی بیری مرۆڤایەتی مافی  پێداچوونەوە و خوێندنەوەی نوێی باوەڕ و یاسا و ڕێساكانی هەیە.

من باوەڕم هەیە كە ئیسلامی سیاسی لە كوردستان پێناسەیەكی یەكگرتووی نییە و لە ناوەخنی خۆیدا زۆر ڕەوتی جۆراوجۆری هەڵگرتووە. بەڵام ئیسلامییەكان بە هەموو جۆرەكانیانەوە چی ئەوانەی باسی كاری سیاسی یاسایی دەكەن و، یاخود ئەوانەی ڕێگای توندوتیژی ڕاستەوخو دەگرنە بەر، لە خاڵێكدا بەیەک دەگەن، ئەویش یەكگرتنەوەی ئوممەتی ئیسلام  و دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە. بێجگە لەوەش هەموو مەیل و ڕەوتەكانی  ئیسلامی سیاسی لە كوردستان  بە تەواوی پشتیان بە ئەدەبیاتی كلاسیكی ئیسلامی بەستوە،  بۆیە نابێ تەوەهم هەبێ لەوەی ڕەنگە فلانە یان فیسارە ڕێكخراوی ئیسلامی سیاسی كوردستان شتێكی نوێی داهێنابێ لە لایەنی بەرێوەبردنی دەولەت و كۆمەڵگا، ئەمەش لە كاتێكدا ڕێفۆرمخوازە ئیسلامییەكانی ئێران، كە هیچ هێزێكی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەكە و كوردستان تا ئێستا بە قەد ئەوان ئیسلامی لیبرالی نین، ئەم كارانەیان نەتوانیوە بكەن.

باشە چۆن هێزێک كە تا ئێستا پشت بە فوقهی ئیسلامی و ئەدەبیاتی كلاسیكی ئیسلامی دەبەستێ دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ چەمكە فەلسەفی و سیاسیە نوێیەكانی سەردەم؟  ئەمرۆ گەشەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی  لە لایەنی زانستی و گەیاندنەوە زۆر چەمكی نوێی، كە پێشتر لە

مێژوودا نەبوون، بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە: کۆمەڵگای سیکولار، ئازدییە گشتی وتاکە کەسییەکان، مافی ڕادەربڕین، هەڵبژاردن، دەستور ( دەستوورێک کە تیایدا دەسەڵاتدار چونیەتی هەڵبژاردن و ماوەی دەسەڵاتی تێدا دیاربکرێ کە ئەمە مەوجود نییە لە مێژووی سیاسی ئیسلامدا)، ریفراندۆم و مافی سیاسی و کارکردن و دەنگدان بۆژنان.

ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن ئیسلامی سیاسیش باس لە ئازادی و دادپەروەری بۆ مرۆڤەکان دەکا. ڕاستە باس دەکا، بەڵام ئیسلامی سیاسی لە ڕوانگەی فوقهی ئیسلامی و ئەدەبیاتی مێژوویی ئیسلامی باس لە ئازادی دەکا. ئازادیش لە فوقهی ئیسلامی مەبەست لێی ئەوەیە بۆ نموونە: کەسێک ئازادە ئەگەر کۆیلەی کەسێکی تر نەبێ، بە واتایەکی تر لەو سەردەمەی کە ئەم فوقهەی تیا نووسراوە کەسێک ئەو کات کەسێکی ئازادی پێدەوترا ئەگەر لە بازار کڕین و فرۆشتنی پێنەکرابا. بەڵام ئایا لەم سەردەمەی ئێمەدا ئازادی ئەمە دەگەیەنێ؟ بێگومان نەخێر. ئازادی لە کۆمەڵگای سەدەی بیست ویەک مانایەکی زۆر بەرفراوانی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. بە هەمان شێوە لە فوقهی ئیسلامییدا هیچ نرخێک یان شوێنێک بۆ ڕای خەلک نییە، ئەمەش چونکە لە ڕووی شەرعیەوە نابێ هەر هەشیان بێت، لەسەر بنچینەی ئەو ڕایەی کە دەڵێت: خەڵک لەسەر ئایینی گەورە و زانا ئایینیەکانیان. لە فوقهی ئیسلامیدا شتێک نییە بە ناوی ڕیفراندۆم بێت بەڵکو فەتوا هەیە. کەواتە ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی کە ڕەوتە ئیسلامییەکان داوای دەکەن، تیایدا شوێنێک بۆ رای خەڵک و پەرلەمان و ڕیفراندوم نییە. من زۆرێک لە نووسینەکان و ئەدبیاتی ئیسلامییەکانی کوردستانم خوێندۆتەوە. هەستم کردووە بەرامبەر کەسانێکم کە زۆر دڵسۆزن بۆ ئایینەکەیان بەڵام زۆر ساویلکانە دەیانەوێ کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان چارەسەر بکەن.

بە گشتی ڕەوتە ئیسلامییەکان بەهۆی بێهێزی هەڵوێستی سیاسیان و تێکەڵاوکردنی سیاسەت و ئایین، سیاسەت و کوفر، سیاسەت و باوەڕی ئایینی، وە ناڕۆشنییان لە تێگەیشتنی پێویستیەکانی کۆمەڵگای سەردەمی ئەمڕۆ، کە تیایدا دەژن، گرێدراو لەگەڵ بوونی خۆشەویستی ئایینی دڵسۆزانەیان بۆ خوا و پێغەمبەر و قورئان کاری توندوتیژی و تیرۆر دروست دەکات. گەورەترین تراژیدیاش ئەوەیە کە کەسێک یان کۆمەڵێک کەس گیانبەخت بکات لە پێناوی بەرگری لە نەزانینی خۆی.

ئیسلامی سیاسی کوردستان ناتوانێ دەوری پۆزیتیفانەی هەبێ لە کۆمەڵگادا ئەگەر ڕێفورم لە بەرنامە و چاونەخشێنێتەوە بە مەفهومی بەڵگە شەرعیەکان (الردله الشرعیه ) لە ئەدەبیاتی خۆیدا. بەبێ ئەم ڕیفۆرم و چاوپێخشاندنانە، ترس و سەرچاوەی سەرهەڵدانی توندوتیژی و تیرۆر هەیە، کە ئەمش نەک ترسناکە بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگا بەڵکو ترسناکیشە بۆ سەر دەزگاکان و سیستەمی کۆمەڵگای مەدەنی.

چەمکی هەڵبژاردن و بەرلەمان دوو چەمکی "ڕۆژئاوایی" ین ( ئەوەی هەیە و نییە لە مێژووی سیاسی ئیسلامدا شتێکە پێی دەڵێن (اهل الحل والعقد ). کە ڕۆشنیشە ئەمانە کەسانی هەڵبژێردراو نین)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ لە کوردستان بەشێکی بەرچاو لە ئیسلامییەکانی کوردستان (پاش شکستەکانیان لە زنجیرەیەک شەڕ و توندوتیژی دوورودرێژ دژی دەسەڵاتدارانی کوردستان) بەشداری هەڵبژاردن و پەرلەمان دەکەن. بەهەرحاڵ ئەمە نیشانەیەکی پۆزەتیفانیە، بەڵام تا ئێستا ئەم ڕەوتانە لە باشترین حالەتدا دیموکراتیەت لە لایان مانای دیکتاتۆریەتی زۆربە دەگەیەنێ. پێیانوایە ئەگەر بەیانی زۆربە بەدەست بێنن دەتوانن و مافی خۆیانە ئایدۆلۆژی و قەناعەتەکانیان

بەزۆر بەسەر خەڵک بسەپێنن و ئازادی تاکەکەسی و ئازادییە گشتیەکان و ئازادی بیرورِا ... هتد قەدەغە بکەن. لە کاتێکدا ئەم ئازادیانە لە بنچینەدا ناخرێنە دەنگدانەوە تا کەسێک یان لایەنێک بۆی هەبێ قەدەغەیان بکا.

بەهەرحال ئیسلامییەکانی کوردستان ئەگەر باوەڕیان هێنا کە دەوڵەت هیچ پەیوەندیەکی بە حاکمیەتی خوا لەسەر زەوی نییە، وە دەڵەوت یەکسانە بە دەسەڵات کە ئەویش پەیمانێکە لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک، وە بنچینەی ئەم دەسەڵاتەش یەکسانی و دادپەروەریی و ئازادییە لە نێوان هەموو مرۆڤەکان بێ جیاوازی ئایینی، وە پێوانەی ئەندامبوون لە کۆمەڵگا هاوڵاتیبوونە نەک ئیسلامیبوون، ئەگەر ئیسلامییەکانی کوردستان باوەڕیان بەم شتانە هێنا ئەوا گومان نییە کە دەبن بە رەوتێکی سیاسی پۆزەتیف لە پرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسی لە کوردستان بەڵام ئایا ئیسلامییەکانی کوردستان ئەم ئازایەتییە لە خۆیان نیشان دەدەن؟ پرسیارێکە داهاتوو وڵام دەداتەوە.

10جولای 2006